**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی**
**کوردستانی ئێران**

# لە ماتەمی لەدەستچوونی مەرزیەی هونەرمەند دا

مەرزیەی فەریقی، مەرزیەی هونەرمەندی گۆرانیبێژ، مەرزیەی راساو لە دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵ، مەرزیەی داکۆکیکەری یەکسانیی ژن‌و پیاو، مەرزیەی رێبواری رێگای ئازادیی نەتەوەیی کوردو، مەرزیەی ئاواتەخوازی بەختیاری ئینسان بەجێی هێشتین.

مەرزیە، ئەو هونەرمەندە بەتوانایە بوو کە بە دەنگە خۆشەکەی‌و بە کارو تێکۆشانی هونەری‌و چالاکیی کۆمەڵایەتیی خۆی، ببووە نموونەی ژنێکی بوێرو رچەشکێن‌و، سەمبولی ژنانی پێشکەوتووو یەکسانیخوازی کورد، بەداخەوە لەپڕو لە ناکاوو بێ‌وەخت بەجێی هێشتین.

بەڵام کەسانی وەك مەرزیەی فەریقی هەر بە جەستە خۆشەویستان‌و ئەوگرانی خۆیان بەجێ دێڵن. ژیانی پڕ لە بەرهەمی هونەری‌و تەمەنی کورت بەڵام تێکەڵاو لەگەڵ ئەو هەمووە تێکۆشانە کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌یە سوودمەندە، ناوو یادێکی نەمریان لە مەرزیەی خۆشەویست، دروست کردوە.

بۆ کۆچی بێوادەو دڵتەزێنی مەرزیەی فەریقی بەداخین‌و لەدەستچوونی بە خەسارێکی گەورە بۆ هونەرو مۆسیقای کوردی‌و بە کەلێنێکی دیار لە نێو داکۆکیکەرانی ئازادیی ژنی کورد دا، دەزانین.

بەم بۆنەیەوە، لە قووڵایی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە کاك ناسر رەزازی هاوسەری مەرزیە، جگەرگۆشەکانیان‌و کەس‌و کارو سەرجەمی ئەوگرانی ژن‌و مێردی هونەرمەند دادە مەرزیەو کاك ناسر دەکەین.

یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

٢٠ی سپتامبری ٢٠٠٥